# ئـــازادی

(( بریا داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرا یە،
بۆ ئەوەی هەرکات خوێنی لێبڕا ، وشك نەبێت ))

عادل شاسواری

ئاخۆ زەوی
کاتێک کە مانگی دیاری کرد
ئەلقەی کردە کامین پەنجەی ؟!
ئاخۆ شەو بووک
کاتێک گوێزرایەوە ئاسمان
کام ئەستێرە کرایە گوارەی
کێ بوو بە زاوای چراخان
ئاخۆ ڕووبار کاتێ شەپۆلی مارە کرد
کام کانی بوویە پێخەسوو
بۆ شاری هەنگوین هاوڕێی بوو ؟!
یاخود بەهار کە گوڵی کردە دەزگیران
کام قردێلەی لە قژی داو
کام ملوانکەی لە گەردن و
کام موستیلەی لە پەنجەی کرد ؟
ئاخۆ ئازادی کە بوویە زاوای ئاشتی
کام کراسی کردە دیاری
سوور یا سپی ..؟!